# مەسرور بارزانی پێشوازی لە نێردراوی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق کرد



مەسرور بارزانی پێشوازی لە نێردراوی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق کرد.

لە بەیاننامەکەدا، نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی کاربەڕێکەری هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، "ئەمڕۆ پێشوازیمان لە جینین پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کرد"، دوایین گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی دۆخی گشتیی عێراق و گرنگیی دەستەبەرکردنی مافە دەستووری و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا.

هاتووەش، "بیروڕامان لەبارەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان ئاڵوگۆڕ کرد و جەختمان لە پێویستیی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتی دیاریکراوی خۆی لە (25ـی شوباتی 2024) کردەوە".